**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٥١٢ لە ٢٠٢١/١/٢٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦) ساڵی ١٩٨٠ ئەم رێنماییەمان دەرکرد:

## رێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢١
## هەموارکردنی یەکەمی رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨
## تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**ماددەی (١)**

هەموارکردنی خاڵی (أ) و (ب) لە برگەی یەکەمی ماددەی (٦) وبەم شێوەیە دەخوێندرێت :

**أ-** خاوەن رەگەزنامەی عێراقی ودانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

**ب-** پسپۆری هەبێت لە یەکێك لە بوارەکانی دەروونی ، کۆمەڵایەتی ،پەروەردەی تایبەت، یان پابەند بێت بە دامەزراندنی بەرێوەبەرێکی پسپۆر.

**ماددەی (٢)**

هەموارکردنی ماددەی (٧) و بەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێت :

ئەم برە پارانەی خوارەوە وەردەگیرێت بۆ پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی:

**یەکەم:** بری (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ پێدانی مۆڵەت .

**دووەم:** بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** هەموارکردنی برگەی دووەم لەماددەی (١١) وبەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێت :

(( باڵەخانەکە سەربەخۆ بێت و هاوبەش نەبێت لە رێرەو وخزمەتگوزارییەکانی باڵەخانەیەکی تر و رووبەری لە ( ٤٠٠ ) م٢ کەمتر نەبێت، و تەنها نهۆمی خوارەوە تایبەت دەکرێت وبەکاردێت بۆ منداڵان)).

**دووەم :** هەموارکردنی برگەی پێنجەم لە ماددەی (١١) وبەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێت :

((رووبەری پۆلەکان لە ( ٤ × ٥ )م٢ کەمتر نەبێت و هەر منداڵێکی ئۆتیزم رووبەری (٢م٢) بۆ تەرخان دەکرێت)) .

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم :** هەموارکردنی برگەی یەکەم لەماددەی (١٤) وبەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێت :

**بەرێوەبەر :**

هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی تایبەتمەند وشارەزا بێت وخزمەتی لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت لەم بوارە.

**دووەم:** هەموارکردنی  بڕگەی سێ یەم لەماددەی (١٤) وبەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێت:

**توێژەر :**

هەبوونی توێژەری دەروونی، کۆمەڵایەتی بۆ هەر **(٧)**منداڵ توێژەرێك .

**ماددەی  پێنجەم:**

وەزیر بۆی هەیە (٢) دوو منداڵی ئۆتیزم رەوانەی سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لـە کـەرتی تایبـەت بکات بەمەبەستی وەرگرتنیان بێ بەرامبەر .

**ماددەی شەشەم:**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**